


# وتەی ئەمجارەمان

منداڵە خۆشەویستەکانی کوردستان! هاوڕێیانی هەمیشەیی دنیایی منداڵان! ئەم کاتەتان باش.

ئەوا ئەم ساڵیش قوتابخانەکان بەرەو کۆتایی دەچن، لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ نزیک دەبینەوە، بۆیە وامان بە باش زانی کە لەم ژمارەیەی دنیای منداڵان دا کەمێک لەم بارەوە بدوێین. بەشێک لە منداڵان و تەنانەت بەشێک لە گەورەکانیش لە سەر ڕۆژانی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ لێکدانەوەی هەڵەیان هەیە، ئەوان ئەو ڕۆژانە لە خۆیان و بنەماڵەکانیان دەکەن بە دۆزەخ، وادەزانن کە لەم ڕۆژانە دا دەبێ واز لە هەموو شتێک بێنن و تەنیا خەریکی دەرس خوێندن بن. زۆر جار ئەو شێوە بیرکردنەوەیە کاریگەریی خراپی لە سەر منداڵەکان دەبێت دەبێتە هۆی بێزاربوونی منداڵ لە خوێندن. منداڵە خۆشەویستەکان! ئێمە نابێ لەبارەی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بە هەڵە بیر بکەینەوە دەبێ ئەم ڕۆژانەش وەکو باقی ڕۆژەکانی ساڵ بە ئاسایی وەربگرین. من دڵنیام کە بەشی هەرە زۆری ئێوە بە بەردەوامی لە سەر ا پۆل ئامادە بوون و بە جوانی گوێتان بۆ  مامۆستاکانتان ڕاگرتووە،بۆیە لە کاتی تاقیکردنەوەکانیشدا بێ ئەوەی زۆر فشار بۆ خۆتان بێنن سەرکەوتوو دەبن. من تەنیا لێرە دا چەند ڕێنماییەکی کارناسانی بواری پەروەردەتان بۆ باس دەکەین کە هیوادارین ئێوەی خۆشەویست کەڵکی باشیان لێوەرگرن:

١- پێویست ناکات ئێوە ٢٤ ساعەت خەریکی دەرس خوێندن بن، وا باشە بۆ خۆتان بەرنامە دابڕێژن بۆ نموونە یەک کاتژمێر دەرس بخوێنن، ١٥خوولەک یا نیو کاتژمێر پشوو بدەن.

٢- تەماشای تەلەفزیۆن کەم بکەنەوەو لە کایە کردن بە کامپیوتێر و مۆبایل خۆ ببوێرن.

٣- ئەو یارییانەی کە دەزانن زۆر دەخایەنن و ناتوانن زوو وازیان لێ بێنن لە کاتی پشوودانیش دا لێیان نزیک مەکەونەوە.

٤- شەوانە کەمێک زوو بخەون بۆ ئەوەی لە کاتی تاقیکردنەوە دا خەوتان نەیەت.

٥- خواردنی پێویستتان لەبیر نەچێت و هەموو جەمەکان نانی تەواو بخۆن بە تایبەتی خواردنی بەیانیتان لە بیر نەچێت، چونکە ئەگەر لەکاتی تاقیکردنەوەدا برسی بن یا تینو بن ناتوانن بە تەواوی بیرو هۆشتان لە لای ئیمتحانەکە بێت.

٦- لە کاتی تاقیکرانەوەدا پەلە مەکەو بە جوانی بیر بکەوەو دڵنیا بە جا ئەو کات وەڵامەکە بنووسە.

منداڵە خۆشەویستەکان! دڵنیاین ئەگەر بە گوێی کارناسانی بواری پەروەردە بکەین و ڕێنماییەکانی ئەوان لە بەرچاو بگرین ئەوا دەتوانن ئەو ساڵیش بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە خوێندن بێنین.






مامۆستا گۆرانی شاعیر، شاعیرێکی مەزن و داهێنەر و نوێخوازی کوردە. مامۆستا گۆران لێهاتووترین و ناسراوترین شاعیری کورد لە سەدەی بیست و ئەستێرەی پڕشنگداری شیعر و ئەدەبی کوردی لە مێژووی ئەدەبیاتی نەتەوەکەمان دایە.

مامۆستا گۆران ساڵی ١٩٠٤ی زایینی لە شاری هەڵەبجە ولە خێزانێکی ناوداری تیرەی میران بەگی جاف هاتۆتە دنیاو هەر لەوێ سەردەمی منداڵیی بەسەر بردووەو قۆناغی سەرەتایی خوێندنی تەواو کردوە.

باوک و باپیری گۆران بە کاتبی فارسی ناسراون، چونکە زمانی فارسییان بە باشی زانیوە و نووسەری وەسمان پاشا و عادیلە خانمی خێزانی بوون.

ساڵی ١٩١٩ ماڵی مامۆستا گۆران دەچێتە هەورامان. لەوێ باوکی دەمرێ و بنەماڵەکەی بەو هۆیەوە تووشی نەهامەتی و کوێرەوەرییەکی زۆر دەبن. بەڵام مامۆستا گۆران کۆڵ نادا و درێژە بە خوێندنی خۆی دەدا و دەبێتە مامۆستای قوتابخانە.

مامۆستا گۆران لە ساڵانی ١٩٤٢ تا ١٩٤٥دا بەرپرسی بەشی کوردیی ئێزگەی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە شاری یافا بووە.

گۆران لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٠-١٩٥٨ بەهۆی هەڵوێستی نیشتمانی و داکۆکیکردنی لە چینی هەژار و زەحمەتکێشی میللەتەکەی و پشتگیریکردنی لە مەسەلەی ئاشتی و خەباتی گەلانی چەوساوە و شۆڕشگێڕ لە جیهاندا، سێ جار دەگیرێت و هەر جارێکیش نزیکەی دوو ساڵ لە بەندیخانەدا دەمێنێتەوە.

مامۆستا گۆران هەر بەو بۆنەیەوە تووشی نانبڕان و بێکاری دەبێت و خۆی و بنەماڵەکەی ئازاری برسێیەتی و نەبوونیی زۆر دەچێژن. بەڵام ئەو هەرگیز لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆی لا نادا.

مامۆستا گۆرانی شاعیر ساڵی ١٩٦٠ بۆتە مامۆستا لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی بەغدا.

گۆران لێهاتووترین شاعیری نوێخوازی کورد لە ئەدەبی کوردی دایە و خاوەنی قوتابخانە و ڕێبازێکی نوێیە لە شیعری نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلەکەماندا.

مامۆستا گۆران هەروەها یەکێکە لە مامۆستا بلیمەتەکانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی، نووسین، وەرگێڕان و ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا.

گۆران ساڵی ١٩٦٢ تووشی نەخۆشییەکی قورس دەبێ و بە مەبەستی چارەسەریی پزیشکی سەردانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو دەکا، بەڵام سەردانەکەی بێ ئاکام دەبێ و دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان و هەر ئەو ساڵە لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی دەکا.

ب. نیان

## وەک پێنووس (قەڵەم) وابە

کوڕە چکۆلەکە لە باپیرەی پرسی:
لەبارەی چییەوە دەنووسی؟

باپیریشی گوتی:
لەبارەی تۆوەیە کوڕەکەم، بەڵام گرنگتر لەوە، ئەو قەڵەمەیە کە پێی دەنووسم. پێم خۆشە کە گەورە بووی وەک ئەو قەڵەمە وا بیت.

کوڕەکە بە سەر سوڕمانەوە چاوی لە قەلەمەکە کردو هەستی بە هیچ شتێکی تایبەتی نەکرد:
- ئەوەش هەر وەک قەلەمەکانی دیکە وایە کە تا ئێستا دیتوومە .

باپیری گوتی: ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە تۆ چۆنی دەبینی. پێنج تایبەتمەندیی باش لەو قەلەمە دا هەیە کە ئەگەر بتوانی بەدەستیان بهێنی، هەتا کۆتایی تەمەنت، بە ئارامی دەژی.

تایبەتمەندیی یەکەم: دەتوانی کاری باش بکەیت، بەڵام نابێ هەرگیز لەبیرت بچێت کە دەستێک هەیەوئاراستەی جووڵەی تۆ دیاری دەکات. ئەو دەستە خودایە، تۆ دەبێ هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی ئەو دابێ و هەمیشە ئەو ڕێو شوێنە بگریتە بەر کە خودا بۆی دیاری کردوویت.

تایبەتمەندیی دووهەم: زۆر جار کە خەریکی نووسینی، دەست لە نووسین هەڵبگرەو قەڵەمتراشێک بەکاربهێنە. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قەلەمەکەت بڕێک ئازار بکێشێ، بەڵام لە ئەنجام دا نووکی تیژ دەبێت. (ئەوەی لە دوای خۆی بەجێی



دەهێڵێت نووسراوەیەکی باریک و جوانترە). بۆیە بزانە کە دەبێ ڕەنج بکێشی، بۆ ئەوەی مرۆڤێکی باشترت لێ دەربچێت.

تایبەتمەندیی سێیەم: قەڵەم هەمیشە ڕێگە دەدات بۆ پاک کردنەوەی هەلەیەک، بە لاستیکەکەت بیسڕەوە. بزانە کە ڕاستکردنەوەی هەڵە کارێکی خراپ نیە. لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی لە ئاراستەی ڕێگایەکی ڕاست دا بمێنیەوە، هەڵە سڕینەوە زۆریش پێویستە.

تایبەتمەندیی چوارەم: ئەو دارە یا روخساری دەرەوەی ئەو قەڵەمە گرنگ نییە، بەڵکوو پێکهاتەی ناوەوەی ئەو دارە گرنگە. بۆیە هەمیشە ئاگات لە ناوەرۆکی خۆت بێت.

سه ر ه نجا م

تایبەتمەندیی پێنجەمی قەلەم: هەمیشە لە دوای خۆی شتێک بەجێ دێڵێت. بۆیە هەر کارێک بکەی لە ژیانت دا، شوێن پێیەک لە دوای خۆت بە جێ دەهێڵێ. هەوڵ بدە هەر کارێک دەکەی، بە وشیارییەوە جێبەجێی بکەی.

وەرگێڕان لە فارسییەوە: هانا وریا.

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



پیاوێکی رەزیل دوای ٣٠ساڵ چوو بۆلای کەوش فرۆشێک و گوتی: سڵاو دیسان هاتمەوە!!

****

دەرەجەدارێکی پۆلیس ماشینێکی راگرت کە لە چرا سووری دابوو، لێی پرسی بۆ رات نەگرت چراسوورەکەت نەدیتبوو؟ شۆفێرەکە لە وەڵام دا گوتی: جەنابی پۆلیس چرا سوورەکەم دیتبوو، بەڵام تۆم نەدیتبوو.

****

هیوا رووی لە دایکی کردو گوتی: دایە گیان ئەمرۆ ٢٠م وەرگرت!! دایکی گوتی: ئافەرین هیوا گیان لە چ دەرسێک؟ هیوا گوتی: لە بیرکاری٨، لە ئیملا ٧و لە کوردی٥ کە هەمووی لە سەر یەک دەبێتە ٢٠ !!!

****

جارێکیان ساردیەکی کۆکا کۆلا دەدەنە دەست شێتێک و پێی دەڵێن دەزانی ئەوە چییە؟ شێتە دەڵێ: ئەی چۆن نازانم ئەوە چایە توورە بووە.



ئەم خۆشەویستانەش وێنەو بابەتەکانیان بە دەستمان گەیشتووە کە لە ژمارەکانی داهاتوودا بە پێی پێویست بڵاویان دەکەینەوە:
زانکۆ خاکی، زریبار رانسووری، بێژان و هاموون مەعرووفی، تروسکە کەریمی، رێژین و رێژوان شەفیعی



## منداڵی کوردم



منداڵم وەچەی کوردم
ئازاو بە دەست و بردم
کوردم و کوردستانیم
هۆگری راستی و جوانیم
لە دێر زەمان تا ئێستا
لە گەڵ سروودی ئاڤێستا
کورد ناسنامەو باوکمانە
سەرکەوتن هیوامانە

گلارە ئوستاد رەحمانی

www.Kurdistanukurd.com

سەرنووسەر: عوسمان بێورانی* دەستەی نووسەران: هانا وریا، ناسح خاکی، تریفە سادقی *
مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە

mndalanykurd@yahoo.com

دنیای منداڵان

# کوڕە ئازاکە

لە بناری شاخێکدا دێیەکی جوان و خنجیلانە هەبوو، تا بڵێی خاوەن ئاوێکی زۆر بوو و زەوی وزارێکی زۆریان هەبوو.

بەڵام زۆردارێک دەستی گرتبوو بە سەر ئاوی دێیەکەدا، خەڵکی دێیەکە هەموو رۆژێک دەبوو بەرخێک یان کارێکیان بۆ ببردبایە هەتا ئاوی پێویستیان بۆ بەر بداتەوە. رۆژێک کوڕێکی ئازا رێی کەوتە ئەو دێیە، سەیری کرد خەڵکەکە زۆر داماون و ژیانیان لێ تاڵ بووە. بیری کردەوە ئەو خەڵکە چۆن لە شەڕی ئەو زۆردارە رزگار بکات. هێندێک ژەهری هێناو بەسەر بەرخەکەی داکردو جوان برژاندی، بۆی نارد تا بەڵکوو بەم شێوەیە لە ناوی ببات. زۆردارەکە کە بۆنی کرد هەستی بەوە کرد کە بەرخی ئەمرۆ لە گەڵ رۆژانی دیکە جیاوازە، ویستی ئەوانە دەستگیر بکات کە بەرخەکەیان بۆ بردووە. بەڵام ئەوان ژیر بوون و پێشتر بیریان لە خۆرزگار کردن کردبۆوەوتوانیان خۆیان رزگار بکەن. ئەمە کوڕە ئازاکەی نیگەران کرد و وتی پێویستە ئەم کارە هەتا سەر بە ئەنجام بگەیەنم، لە بەر ئەوە کوڕە ئازاکە بڕیاری دا لە گەڵی دا بجەنگێت. شمشێرێکی دوودەمی هەبوو لە باوکییەوە بۆی بەجێ مابۆوەدەستی دایە و چووە مەیدانی شەڕ لە گەڵ زۆردارەکەدا، پاش شەڕێکی دژوار و سەخت سەرئەنجام توانی زۆردارەکە پارچە پارچە بکات و ئاسوودەیی بگەڕێنێتەوە بۆ خەڵکی ئەو دێیە کە چەندین ساڵ بوو بە دەست ئەم زۆردارەوە داماو بوون.

ئا: ڕێژین شەفیعی

# توانای بیر کردنەوە

لە گوندێک پیرەمێردێک دەژیا کە هەم هاوسەری پیری لە دەست دابوو و هەم تاکە کوڕە گەنجەکەشی کەوتبوە زیندان و خۆشی لە بەر پیرییان برستی لێ برا بوو کاری بە باشی پێ نەدەکرا. ئەو دەبووایە بۆ بژیوی خۆی زەوییەکانی کێڵابایەو بێستان و سەوزایی چاندبا، بەڵام کێڵانی زەوی لە تین و تاقەتی پیرەمێردی بەستەزمان بە دوور بوو. مامە پیرە هات بە دڵپڕی نامەیەکی بۆ کوڕەکەی ناردو تێیگەیاند کەباروودۆخی زۆرنالەبارەو نووسی:» رۆڵەی زێدە ئازیزو خۆشەویستم من حاڵم باش نییەو ئەمساڵ ناتوانم زەوییەکان بکێڵم دەنا ئەگەر بۆم کێڵدرابان دەمتوانی وەک ساڵان بەهرەیان لێ وەرگرم، بەڵام کێڵانەکەم زۆر لەبەر گرانە، چونکە بەڕاستی پیری هێزی لێ بریوم، ناشمهەوێ زەوی و زارەکەم لە دەست بدەم چونکە دایکی رەحمەتیت کاتەکانی چاندنی زەوییەکانی زۆر پێ خۆش بوو. ئەگەر تۆ لێرە بای هیچ گرفتێکم نەدەبوو تۆ زەوییەکانمت بۆ دەکێڵام و لەم تەنگ و چەڵەمەیەت دەردەخستم. هەردەم خۆشم دەوێی کوڕە خۆشەویستەکەم دووسێ رۆژ دوای نامەی باوکە پیرە، کوڕەکەی لە زیندان را تێلێگرافێکی بۆ نووسی و بە دەستی گەیشت: باوکە گیان! سڵاو، بابە بۆ خاتری خوا بە هیچ شێوەیەک نەکەی ئەم زەوییانە بکێڵیەوە، چونکە من چەک و چۆڵم لە ناو زەوییەکەدا شاردوتەوە.



بە ئاگادار بوون لە نێوەرۆکی ئەم تێلێگرافەوە، کاتژمێر چواری بەرەبەیانی رۆژی دواتر بە پەلە چەند کەس لە مەئموورانی ئەمنییەتیی حکوومەت بە تراکتور و گاسنەوە گەیشتنە سەر زەوییەکەی و بە وردی دەستیان بە کێڵان کرد و سەرو بنی زەوییان کێڵا. بەڵام بە بێ ئەوەی هیچ چەکێک ببیننەوە رۆیشتن.

پیرەمێرد بە سەر سوڕمانەوە نامەیەکی بۆ کوڕەکەی نووسی: ئەرێ رۆڵە چ قەوماوە؟! دەتهەوێ چ بکەی؟

کوڕەکەی بۆ باوکی نووسیەوە: باوکە گیان بڕۆ بێستانەکەت بچێنە، ئەوە تەنیا کارێک بوو کە لێرەوە دەمتوانی بۆتی ئەنجام بدەم.

لە دنیادا هیچ بەربەستێک نییە، یان رێگایەک دەبینمەوە یان رێگایەک چاک دەکەم.

ن: مندالی دوێنێ

# گۆریچنە

گۆریچنەیەک لە نێو پەرژینی باخێک دا هێلانەی کرد بوو، زۆر بە ئاسوودەییەوە ژیانی دەبردە سەر و جووجەڵەکانی بەخێودەکردن، دواییش فێرە فڕینی دەکردن. ڕۆژێک لە سەر لقی دارێک هەڵنیشتبوو کە دیتی پەپوولەیەکی باڵرەنگین و جوان زۆر بە شادی هەڵدەفڕی و بە دەوری گوڵەکان دا سەما دەکا و هەر جارێ گوڵێک لە باوەش دەگرێ و گوڵێک بۆن دەکا. گۆریچنە بۆ ساتێک ئێرەیی بە پەپوولە بردو وتی: خۆزگە بە خۆت، تەماشا چەندە جوانە. چەندە ئازادە و چ هەڵفڕینێکی جوانی هەیە، خوا هەموو شتی پێ داوە. بەڵام ئەمن چی؟ لە نێو ئەم پەرژینەدا بەند کراوم و خوا هیچی بە من نەبەخشیوە و هەموو شتی بە ئەو داوە.



گۆریچنە لە بن لێویەوە هەروا گلەیی و گازەندەی لە خۆی و خواو سروشت دەکرد کە لە پڕ دیتی پۆلێک منداڵی هارو هاج یەک دار بە دەست و یەک قوڕ بە دەست و هێندێکیش بە دەست و لاق و بە هات و هاوار و قیژە قیژ هێرشیان کردە سەر پەپوولە باڵ رەنگینەکە. دەوریان لێ داو تەنگیان بە پەپوولەی بەستەزمان هەڵچنی ولە ئاخردا پەپوولە ماندووبوو و خۆی بە دەستەوە دا. منداڵەکان لەت و پەتیان کرد و گیانیان لە پەپوولە ئەستاند. بە دیتنی ئەم دیمەنە گۆریچنە داخێکی پڕ لە پەرۆشی هەڵکێشا و وتی: هەر خۆزگە بە خۆم، نە کەس ڕاوم دەنێ و نە کەسیش پێم دەزانێ و نە کەسیش حەزی دەچێتە من بۆ ئەوەی ژیانم لێ تاڵ بکا، بە ڕاستی جوانییش بۆ هێندێکان بەڵاو ئافاتە.

ئا: ناسێح خاکی
بە ئیلهام وەرگرتن
لە چیرۆکێکی فرانسی

# دایک

ئەگەر بیر لەو ئەرک و رەنج و مەینەتانەی دایکمان بکەینەوە کەوا لە پێناوی ئێمەدا چێشتوونی. ئێمەش دەبێت لە ئەرک و فەرمانی دایکمان لانەدەین و زۆر رێزی لێ بگرین. چونکە دایک نۆ مانگ و نۆ رۆژ بە سکی خۆی هەڵیگرتووین و بەو رۆژەی گەیاندووین.

دایک ئەرکێکی گرانی لە سەر شانە و بە شەو و رۆژ لە فکری ئەوەدایە کە چۆن منداڵەکەی پەروەردە بکات و هەموو ماندووبوونێک لە خۆ دەگرێت بۆ ئەوەی منداڵەکەی چاوی لە دەستی ئەم و ئەو نەبێت. دایک بە هێزی شان و بازووی خۆی خۆراکمان بۆ دابین دەکات و جلوبەرگمان بۆ دەشوات و لە بەرمان دەکات و بۆ قوتابخانەمان بەرێ دەکات، بۆ ئەوەی دوارۆژێکی رووناکمان هەبێت.

هەر بۆیە ئێمەش دەبێت بە هەموو توانامانەوە هەوڵ بدەین کە وانەکانمان ئامادە بکەین و قوتابییەکی ژیر و زیرەک بین لە قوتابخانە. هەر چەند کە ئێمەی منداڵ ناتوانین پاداشتی چاکەی دایکمان بدەینەوە بەڵام ئەگەر لە قسەی ئەو دەرنەچین و رێزی زۆری لێ بگرین ئەوا دایکمان وا هەست دەکات کە گەورەترین رێز و خۆشەویستیمان پێ بەخشیوە و خزمەتمان کردووە.




بۆیە پێویستە کە هەموو کاتێک و لە هەموو بۆنەیەک دا بەتایبەتی لە رۆژی جیهانی دایک دا بە دیاری جوان و رازاوە رێز لە دایکمان بگرین و دڵی شاد بکەین.

ن: بەهرین شێخەپوور



# زۆر خۆری

منداڵە خۆشەویستەکان:

دەزانن قەڵەوی زۆر خراپە و بۆ خۆی جۆرە نەخۆشینێکە، حەتمەن دەش زانن کە قەڵەوی لە زۆر خۆرییەوە دێت. کە واتە زۆرخۆری بۆ خۆی نەخۆشی یە. بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە وەرزش ناکەن و زۆریش دەخۆن هەر زۆر زوو واتە لە تەمەنێکی کەم دا تووشی زۆر نەخۆشیی وەک شەکرە، پەستانی خوێن، نەخۆشیەکانی دڵ و.. دەبن کە ئیتر چارەسەری زۆر زەحمەتە.

کە واتە منداڵە چاو گەشەکان: بەر لەوەی کە تووشی ئەو نەخۆشییە خراپانە بن، هەر لە ئێستاوە خۆتان بە کەمخۆری ڕابێنن. مرۆڤ بە گشتی ئەگەر لە ڕۆژدا چەند ژەمە نان بخوا بە جێگای سێ ژەمەکە، زۆر باشترە، یانی کەم کەم بخواو لە ڕۆژدا پێنج تا شەش ژەم بخوا بەڵام بەو مەرجەی کە لە هەر ژەمێک دا کەم بخوا، نەک سێ ژەمەکە زۆر زۆر بخواو لە ئاکام دا تووشی زۆر گیرو گرفت و نەخۆشی ببێتەوە.

منداڵە ئازیزەکان! ئەو کەسانەش کە تووشی قەڵەوی بوون با هەر لە ئێستاوە بڕیار بدەن کە دەست لە زۆرخۆری هەڵگرن بە تایبەتی خواردنی شیرینەمەنییەکان وەک نوقڵ وشیرینی و ساردی و لەو جۆرە شتانە بەڵام لە جێگای ئەوانە دەتوانن میوەی زۆر بخۆن.

ن: سید جەلال ساڵحی



ماشێنێکی تازەی کڕیبوو، دووای چەند ڕۆژ خەریکی شتنی ماشێنەکەی بوو، لەناکاو دیتی منداڵەکەی بە پلایسێک خەریکی ڕووشاندنی ماشێنەکەیەتی. زۆر بە تووڕەییەوە هێرشی کردە سەر منداڵەکەی و بە پلایسەکە لێی دا.

منداڵەکەیان برد بۆ نەخۆشخانە، دوکتوورەکان پێیان کوت کە پەنجەیەکی دەستی منداڵەکەی شکاوە. منداڵەکەی لێی پرسی باوکە گیان کەی دەستم چاک دەبێتەوە. هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو. کاتێک گەڕایەوە ماڵەوەو سەیرێکی ماشێنەکەی کرد، دیتی کوڕەکەی هەر تەنیا ماشێنەکەی نەڕووشاندوە، بەڵکوو شتێکیشی لێ نووسیوە. نووسیویەتی باوکە گیان! خۆشم دەوێی.

و: هانا وریا

# خەونی سۆما

رەسووڵ سوڵتانی

سۆما شەوێ دەرسەکانی خوێند و چوو لێی خەوت. لە خەونیدا بوو، دوو چۆلەکە لە سەر دارەکەی حەوشەکەیانەوە بانگی دەکەن. چۆلەکەکان لە خەونیدا دەیانگوت: سۆما، درەنگە بۆ قوتابخانە، زۆر درەنگە. هەستە خێرا. سۆما بە پەلە لە جێ و بانەکەی هاتە دەرێ. نەیدەزانی چ بکا. شەوێ کە خەوتبوو لە بیری چووبوو کتێبەکانی بخاتەوە نێو جانتاکەیەوە. قەڵەمەکەی دیار نەبوو. چووە ژوورەکەی دیکەش هەر نەیدۆزییەوە. دڵی پڕ ببوو. کاتی نەمابوو. زۆر درەنگ بووبوو. بانگی دایکی کرد. دایکیشی لەماڵەوە نەبوو. ماڵەکەیان بێ دەنگ بوو. هیچ کەسیان لە ماڵەوە نەبوو. سۆما درەنگی بوو. دەبوو بڕوات. چۆلەکەکانیش پەیتا پەیتا بانگیان دەکرد. نەیدەزانی چ بکا. کتێبەکانی پەرش و بڵاو بوون. و قەڵەمەکەشی دیار نەبوو. هەر چۆنێک بوو کتێبەکانی کۆ کردەوە. گوتی لە دووکانەکەی سەر ڕێگا قەڵەم دەکڕم. دوایی بەبیری کەوتەوە کە دایکی پارەی پێ نەداوە. ئەدی بە چی قەڵەم بکڕێت. کوڵی گریان هەستابوو. بە پەلە چوو دەم و چاوی بشوات. ئاو نەبوو. بەبیری کەوتەوە دوێنێ لە گەڵ ڕێبواری برای و چرۆی دەستەخوشکی هەتا ئێوارێ شەڕە ئاویان کردبوو. دواتریش گوتبووی: ئەو هەمووە ئاوەمان هەیە، وەڵاهی بەلووعەکان ناگرمەوە با هەر بڕوات. سۆما نەیدەزانی بەبێ دەموچاو شوشتن چۆن بچێت بۆ قوتابخانە؟ ئاخر ددانەکانیشی نەشتووە و زاری بۆنی دێ؟ چۆلەکەکانیش هەر دەیانچریکاند. سۆما چوو نەقڵی خۆی هەموو بۆ گێڕانەوە. وتی: چونکە دوێنێ شەوێ بەر لە خەوتن کتێبەکان و قەڵەمەکەمم نەخستووەتەوە نێو جانتاکەم، پەرش و بڵاون و بۆم کۆ ناکرێنەوە. دوێنێ ئێوارێیش ئاوی تەنکییەکەم هەموو ڕشتووە و ئێستایش نە ددانەکانم ششتووە و نە دەم و چاویشم. بۆیە ئەمڕۆ ناتوانم بێمەوە قوتابخانە. دەستی کرد بە گریان و بە دەم گریانەوە گوتی: بەڵێن دەدەم لەمەودوا دڵۆپەیەکیش ئاو خەسار ناکەم. ئەوەتا ئەگەر ئێستا ئاومان هەبوایە دەموچاو و ددانەکانم دەشووشت. بەڵێن بێ هەموو شەوێ بەر لەوەی بخەوم هەموو شتەکانم کۆ بکەمەوە و بیانخەمەوە نێو جانتاکەمەوە. سۆما هەر وا دەگریا، لەو کاتەدا دایکی هات و سەر کوڵمەکانی بە ئاستەمێک ماچ کرد و بە ئارامی بانگی کرد: سۆما گیان، سۆما، هەستە ڕۆڵە بەیانییە. هەستە نان و چا بخۆ و بڕۆ بۆ مەدرەسە. سۆما کە لە خەو هەستا و دڵی زۆر خۆش بوو، کە زانیی ئەوە هەمووی خەون بوون. بەڵام بەڵێنەکەی خۆی هەر لە بیر بوو. دەیزانی ئەگەر بەو جۆرە بکات، کە لە خەونەکەیدا دیتبووی، زۆر ناخۆش دەبێت. بۆیە بڕیاری دا، بەڵێنەکەی بەجێ بگەیێنێت.



## چیاوازییەکانی نێوان ئەم وێنانی ببیننەوە



# ئایا دەزانن؟



ئایا دەزانن؟ گەشەکردنی منداڵ زیاتر لە وەرزی بەهار دایە.



ئایا دەزانن؟ خێرایی پشمین بەرابەرە لە گەڵ ١٦٠ کیلۆمەتر لە یەک کاتژمێر دا.



ئایا دەزانن؟ چاوی مرۆڤ بە ئەندازەی دووربینێکی (کامێرایەکی) ١٣٥میگاپیکسێلی کار دە



ئایا دەزانن؟ هەستی چێشتنی پەپوولە هەمووی لە لاقی دا کۆبۆتەوە.



ئایا دەزانن؟ دۆلفینەکانیش وەکو گورگەکان کاتێک کە دەخەون چاویان لێک نانێن

.



ئایا دەزانن؟ وشترمریشک لە سێ خوولەک دا٩٥ لیتر ئاو دەخواتەوە.

## مەتەڵەکانی ئەم جارەمان

سەری سەوزە، لەشی
رەشە،ناوی سپیەو دڵی گەشە؟

****

خەنجەری لێدەی کون نابێ، ئاوی
پێداکەی تەڕ نابێ؟

****

چەماوەی چەماوە مردووی
زیندوو تێکراوە؟

****

حاکمە حووکمی نییە، دوو بەرخ
دەخوات ئێسکی نییە؟

****

تانەیبەستیتەوە ناڕوات؟



# قوتابی و مامۆستا

خوشکەکەم ناوی نەسرینە
تەمەنی ئەو چواردەساڵە
دەڵێ هەرچەند کەم دەخەوم
کتێبەکان بخوێنمەوە
بەرۆکی مامۆستا دەگرێ
مامۆستا گیان فریام کەوە
با دەرسێکم فۆلکلۆر بێ
یەکیشیانم با مێژوو بێ
بوارێکی کوردستان بێ
بزانم خەڵک چۆن پێ گەیون
بزانم کێ داگیری کردووین
لەسەر سینەی کامە دەفتەر
کێ لە کوردی تێکدا کۆمار
کام دراوسێ بە فێڵزانی
مامۆستاگیان وڕ و کاسم
با بناسم بیری زۆڵی
عەگاڵ بەسەری پێ پەتی
مامۆستا پێمبڵێ، ئامان
بە وردی بۆمی لێکدەوە
با ئێمەش لێی ئاگادار بین
کوردیش با کایەی سەر بگرێ



زۆر زۆری حەز لە نووسینە
کەچی دایکم پێی منداڵە
خوایە بۆ فریا ناکەوم؟
جارجار خۆش بڕازێنمەوە
هەزار جاری لەبەر دەمرێ
وانەکانم بۆ لێکدەوە
دەڵێم کەمە هەتا زۆر بێ
نا، ئەوە یەک نەبێ دوو بێ
یەکیش با مێژووی جیهان بێ
ئێستێ لەسەر سینگی هەیون*
کێ دیل و یەخسیری کردووین
لۆزان خواردی خوێنی سیڤەر
کێ پێشەوای بردە بەردار
فرۆشتی شۆڕشی بارزانی
تا خۆم دراوسێم نەناسم
گورگەکانی ئاناتۆڵی
کەس نەیرەخوێندەوە خەتی
ئەوان چۆن بوون بە ئاغامان؟
سەرلەبەریم بۆ شی بکەوە
لەخەو رابین و وشیار بین
عیبرەت لە مێژوو وەربگرێ

*هەیو = هەیڤ، مانگ

هۆنینەوەی: هۆزان ڕەسووڵ



به دڵی خۆتان ڕەنگی بکەن





# وەرگێڕانی دوو کورتە چیرۆک



دادە هاریز لە گوندێکی بچوکدا دەژیا. هاوسەرەکەی مردبوو. بەڵام کوڕێکی هەبوو. ئەو ٢١ ساڵ بوو  ناوی گۆڤ بوو. گۆڤ لە دوکانێکی گوندەکە کاری دەکرد و لەگەڵ دایکی دەژیا. بەڵام دواتر چووە شار و کارێکی دۆزییەوە بەهۆی کارەکەیەوە لەوێ دەژیا. ئەو شارە ناوی گرین سی بوو مەودایەکی درێژ لە گوندەکەی دایکییەوە دوور بوو. بۆیە دایکی زۆر دڵخۆش نەبوو بەڵام گۆف وتی: لەم گوندەدا هیچ کارێکی باش بۆ من بەدەست ناکەوێ دایە بەڵام لە گرین سی دەتوانم پارەیەکی باش پەیدا بکەم و هەموو هەفتەیەک بڕێکت بۆ بنێرم. شەممەکەی پێشوو دادە هاریز زۆر تووڕە بوو بە ڕێ کەوت بۆ ماڵی کوڕەکەی لە گرین سی و دوای ئەوەی کە گەیشتێ بە کوڕەکەی وت: گۆڤ! بۆ هەرگیز تەلەفۆنم بۆ ناکەی؟

گۆڤ پێکەنی: بەڵام دایە تۆ تەلەفۆنت نییە.

دایکی وتی : نا نیمە بەڵام خۆ تۆ هەتە.

نووسینی: L.A.hill

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ترێ بۆکانی



فرێد سەربازێکی گەنج بوو لە کەمپێکی گەورەدا. بە درێژایی هەفتە کاریان دەکرد بەڵام ئەو ڕۆژە شەممە بوو و کاتی پشووی سەربازەکان. بۆیە سەرۆکەکەیان پێی وتن: دەتوانن ئەم دوانیوەڕۆیە بۆ شار بگەڕێنەوە بەڵام پێش ئەمە دەبێ بتانپشکنم. کاتێک نۆبەی فرێد گەیشت سەرۆک پێی وت: پرچت زۆر درێژە، بڕۆ سەرتاشخانە و دواتر بگەڕێوە ئێرە. فرێد بە غاردان چوو بۆ سەرتاشخانە بەڵام داخرابوو چونکە ئەوڕۆژە شەممە بوو. بۆیە زۆر ناڕەحەت بوو، دوای ماوەیەکی کورت زەردەخەنەیەکی هاتێ و گەڕاوە لای سەرۆک و پرسی: گەورەم ئایا ئێستا پێڵاوەکانم خاوێن بوونەتەوە؟ سەرۆک چاوی لە قژی فرێد نەکرد بەڵام چاوی بڕییە پێڵاوەکانی فرێد و وتی: بەڵێ ئێستا زۆر پاکن. دەتوانی بڕۆی بەڵام هەفتەی داهاتوو پێش ئەوەی بێی بۆلام پێڵاوەکانت خاوێن کەوە.

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: تریفە سادقی




## مەلا نەسرەدین و هێنانەدەری مانگ لە ناو بیری ئاو

شەوێک مەلا نەسرەدین بەلای بیری ئاوێک دا دەڕۆیشت، لە ناکاو چاوی بە وێنەی مانگ کەوت لە نێو ئاوەکە دا. لای خۆی بیری کردەوەو گوتی: ئەو مانگە فەقیرە بۆ کەوتۆتە نێو ئەو ئاوەوە وا چاکە تا نەخنکاوە فریای بکەوم و لەناو ئەو بیرە بیهێنمە دەرەوە. مەلا بە خێرایی چوو گوریسێکی درێژی هێناو سەرێکی خستە ناو ئاوەکەوە. سەرە گوریسەکە لە بەردێک گیری کرد، مەلا پێی وابوو لە مانگەکە گیری کردووە، بۆیە دەستی کرد بە راکێشانی گوریسەکە، لەناکاو گوریسەکە لە دەستی مەلا بەرەڵا بوو مەلابەپشت دا کەوتە سەر زەوی و چاوی بەمانگ کەوت کە لە ئاسمان دەدرەوشاوە مەلا بە کەیف خۆشیەوە گوتی: ئاخری بە ئاواتی خۆم گەیشتم، هەرچەند بۆخۆم بە زەوی دا کەوتم و گیانم هێشا، بەڵام توانیم تۆ رزگار بکەم.

## خۆزگە

خۆزگە منیش وەک باران
گوڵم دەدەا بە جیهان
خۆزگە منیش وەکو دار
دەمگرت میوەی زۆر تامدار
خۆزگە منیش وەک هەتاو
رووناکیم دەدا بە چاو
بەڵام ئۆخەی دەتوانم
بە بەهرەو کاری جوانم
بە کۆشش و بە چاکە
خزمەت بکەم بەم خاکە

لەتیف هەڵمەت

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا



سانا سوڵتانی



نەغمەو کیان برومەند



کوردیا شاکری



سۆلین محەممەد



پەیام مەمەندی



شیوا غەزالی



ئادا مەسعود



پێشەواو پێشڕەو




کارزان ئەفشین



ژینۆ قادرزادە



ژیروان قادرزادە



هاموون مەعروفی



پێشەوا مووساپوور




رزگار شاماتی



ماردین خزری



بێژان مەعروفی